# مێ لەنێو
# ژاکانی بادا

یوسف خەلیل

بەرلەوەی گەشتی تەمەن
لەنێو گەمارۆی چاوەڕوانیدا
دەرگامان لێ کلۆم دا
گەرەکە..زریانی دڕك
شەوەزەنگی ڕق
مەملەکەتی سەرمایە
فەنتازیای درۆ
لەخشتەمان نەبا..
ئالآی ئومێدمان،،
پەرە بەشەکانەوەی سۆزو..
سەما سریالیەکانی ژیین بدا..
لەگەڵ شنەی بادا
لەگەڵ خەندەی ژن دا
بۆ هەمیشە..
ئازادانە..تو لەڕێی قاقا..
بەهاوتای یەکدی
بگرینە بەر
لەدرەو شانەوەی تیشك دا
سوڕی بازنەیی گەردوون
کە فاڵی سروشتی نێرو مێ..دێننە کایە
پاش خۆیان
پانتاییەك جێ دێڵن
تیایدا بۆونەوەر کاندێشانە
سەمایەکی ئالودە دێنێتە کایە
ئەو کاتەی دەبیتە دایك ئەی مێ
سروشت بۆ گەورەییت بەچۆکادێ
کە لە پۆشاکی هاوسەردا خۆت نمایش دەکەیت
لەنرخ و جوانیدا بەرگی سروشت دەپۆشیت
وەك خوشك..کە لەدایکم.. لەدایك دەبیت
وەك بێگەردی.. جەستەت ئاوێزانی سۆزدەبێ

که دەبیتە هاوڕێ..هاوڕێم
پەراگەندەکان لەنرخت بێ ئاگادەبن
لەم سەرابە بەدەمەستەی زەمەنەدا گەرەکییانە..چ\جووانیەکەت لەخشتەبەرن
بێ پەروا
دسەما بە خونەکانتەوە دەکەن
لێرە
تۆی گەوهەر..بێ ئەوەی بەخەبەربێی
لەمەزادخانەی پەلەوەردا
بێ پەروا سەرت دەبڕن
وەك كالا
گەمە بەجەستەی نووستوت دەکەن
بێ ئەوەی لەبەهات بڕوانرێ
پێویستە ئێدی ئەوە بسەلمێنرێ
کەمرۆ بێ بوونی گوولە باخی هەستی ئێوە
چارۆگەی بڕوای هاوسەنگ نابێ هەرگییز
ئەو كاتەی ئەسرینەکانتان
دەبنە سیناریۆی خەونی درامایەك
ئەکتەرە ماندووەکان لەئاست گەورەییتان
لەرز دایان دەگرێ
لەپەراوەی نفاردا
لەو میهرەی کەبۆ زارۆی ئاینده
دەیهێنێتە کایە
کێ دەتوانێ جۆش دانەمێنێ و
لەرز نەیگرێ
وەك خەونی دوێنێ
هەرگییز نامەوێ لێت بدوێم
تۆ هەییت
ئەوەنی یەپێنوسەکان
بۆ نیگار کێشانی وەنەوشەیەکی شیعر
سەرەتاو کۆتا..بەتۆ.. پەرتوکەکان دەنەخشێنن
باخچەو گۆڕەپانەکان
دەسەلاتی چوارەم لەنێو هونەری حەوتەم دا
هەمیشە لەپرسەدان..بێ دەنگ و
سیمای ئالۆ هەستی ناسکی ئێوە

دەبا بەقەد ووشەیەکی پاك
هەموو خۆشەویستیت ئاراستەکەن
ئایندەمان بێ هەوڵە ئێوە
بێ ئاکامە
ساتە جوانەکانی ژینۆ چکەمان
بێ نەغمەی هەناسەی ئێوە
کرچ و کاڵە
دووا رۆژ
بێ تێکۆشانی ئێوە
ڕووناکی نابینێ و
لەشەوەزەنگدا..سەمای بێهودەیی
تیا بەدی دەرکرێ
دایکی ئازیز
هەرگییز نەمتوانیوە..بەقەد شکۆی تۆ
جگەر گۆشەت بم
هاوسەری بەڕێز
هەمیشە ویستومە.. زەردەخەنە
بخەمە سەر لێوت و دەروونی ژاکاوتی پێ ئاوبدەم
تکایە لێم ببورن
گەر بەهەڵەدا چووبم و پێچەوانە ڕەفتارم کردبێ
نامن قەد ئەو یاساوڵە نەبووم بەهێز کارم کردبێ
سۆزم پەیامی هەمیشەیی بووە
مەبەستمە ئەندێشەتان لەبرەودابێ و
نەخشەی ئایندەی تیا بەدی بکرێ
جەستەی پڕ کارێزتان
باهەمیشە مێ بێ و.. ماندووبوونی..
پێوە دیارنەبێ
هزرو پێنوسی بەردەوامتان
پیرنەبێ و هەمیشە لەسەرەتادا بێ
بەڵکو پێکەوە
نێرو مێ بەکاری بەردەوام
بەدوور لەدەسەڵات
بەهەشتێ بۆیەك.. ئاوێزانێ بۆ ئایندە
بهێنینە کایە

تادوونیای ئاڵ..ڕونگیین کەن
ببنە کوکوختییەکی بێ' گەرد
لەگەڵ سەمای ئارامیدا
ئاوازی نوێ بەگوێی سبەینێ دابەن..